# له بەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان ئاڵای کوردستانیان سوتاند

هشام ئاکرەیی

هونەرمەندی بەناوبانگ لە بەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان بە شانازیەوە باس لە دابونەریتێکی نامووی لە کورد کودایەتی کرد. ( کێ یە رێز لە داگیرکەران و نیشانەی داگیرکردن بگرێت) هونەرمەندی سیاسەتمەدار و ئەندامی پەرلەمان بەرامبەر بە ٢٠ هەزار قوتابی و خوێشاندێر ، شانووگەری سوتاندنی ئاڵای کوردستانی کردەوە و بانگەوازی جەماوەری کرد پەرچەمی تورکیا بەرزبکەنەوە وبە یەکدەنگی ووتیان:

بژی رەنگی سوور

بژی مانگ و ئەستێرە

دەڵێن چەککردنی چەکدار خرابترە لە کوشتنی. دابەزاندنی ئاڵاش لە سەر بنایەی پەرلەمانی هەر وڵاتێک واتای کودەتا و نەمانی یە. وڵاتێک نیە ئاڵای نەسوتێنرابێت. ئاڵای وڵات هەتا لە ناو خودی وڵاتیشدا دەسوتێنرێن. بەڵام نەمبیستووە حوکومرانێک بەرزکردنەوە و هەڵگرتنی ئاڵای خۆی قەدەغە بکات و نەهێڵێ خوپێشاندەران ئاڵای کوردستان هەڵگرن.

بەڵێ قوتابیانی سەری رم لە شۆرشەکاندا بە بێ ئاڵای کوردستان رێپێوانیان پێکرا، نەک خۆپێشاندان وشۆرشگێری لێیان سەحب کرا و وەک بەرێوەبراو خرانە سەر شەقامەکان بە سەرکێشی هونەرمەندی پاڵتوودراوی گەلەکەمان.

دیارە لە بەر ئەوەی چەند کەسانێک ئاڵای تورکییان سوتاند لە خۆپێشاندانەکانی پێشووی شارەکانی سلێمانی، هەولێر ، ئاکرێ و سووران بەپرسیارانی ئەوێ بریاریان داوە نەک تەنیا رێگا نەدرێت خۆپێشاندەران ئاڵای تورکیا بسووتێنن، بەڵکوو رێگا نادەن ئاڵای کوردستانیش بەرزکەنەوە. لە بەر ئەوە ٢٠ هەزار قوتابی و لاو بەبێ یەک ئاڵا رێپێوانیان کرد.

لەوانەیە دەسەڵاتدارانی کورد لە وەش رانەوەستن و مەترسی ئەوە هەیە کە نەهێڵن یان هەوڵ دەدەن نەهێڵن کوردانی دەرەوەی وڵاتیش ئاڵای کوردستان هەڵگرن لە خۆپێشاندانەکەیاندا.

راستە و لەوانەیە هەندێ کەسی گومانلێکراو لەناو ئەو کەسانەدا بن ئەوانەی ئاڵای تورکیایان سوتاند ( لە یەکێ لەو وێنانەی تیایاندا ئاڵای تورکیا دەسووتێنن وبڵاوکرانەتەوە، دوو کەسی سەر بە ئەمنی کۆنی سەددام تیان؛ تکایە بەوردی سەیری وێنەکان بکەن) بەڵام لە گەڵ ئەوەش نە ئەبوایە ئەم بابەتە بەو شێوەیە گرنگی و بایەخ پێدرابا و "ینک" هەر خۆپێشاندانەکان قەدەغەبکات و برایەتی هەموو ئەو کەسانە بەبێ جیاوازی بەبێ ئەخلاق لەقەڵەم بدات و دواتر یەکێتی قوتابیان ولاوانی کوردستان بەبێ یەک ئاڵای کوردستان رێپێوانێکی ٢٠ هەزار کەسی بەرێوە ببات.

خۆپێشاندانەکانی جەماوەری کوردستان لە سەرەتای دەستپێکردنیاندا کارێکی پۆزەتیڤ و ئەرێنیانەی کردە سەر تورکیا. هەرەشەکانیان باشترین بەڵگەی کارتێکردنەکەبوو. چونکە هەرەشە و گەف هی لایەنێکە کە ناتوانێ شت بکات. پاشگەز بوونەوەی دەسەڵاتدارانی کورد ونەرم بوون و ترسیان، مەترسیەکی گەورە لە سەر سەرجەمی بزوتنەوەکەمان دەبێ و دوور نیە بەزووترین کات تورکیا لەشکری خۆی بنێرتە ناو قوڵایی باشووری کوردستانەوە. ئەو پاشگەزبوونە کارێکی نێگەتیڤ دەکاتە سەر وڵاتە ئەورووپیەکان و ئەمریکاش. چوونکە وابیر دەکەنەوە کە کورد شەر لەگەڵ لەشکری تورکیا ناکەن وپاشگەز بوونەتەوە. ئەو وڵاتانە ئەگەر شتێک هەبێت بیانترسێنێت، رۆدانی شەرێکی لا بەلایە لەم کاتەدا لە نێوان کورد و تورکیا. بەم سیاسەتە سیگناڵی خراپ دەدەینە ئەمریکا و ئەوروپا و هەتا تورکیاش. ئەوە جگە لە تێکدانی ریزەکانی گەلەکەمان کە باورمان نەدەکرد وا زوو یەکدەگرتەوە.

قەدەغەکردن و رێگا نەدانی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان خرابترە لە سووتاندنی. چونکە هی یەکەم خۆمان دەیکەین بەڵام سووتاندن دوژمنێک بەرامبەر بەوەی تر دەیکات.

www.kurdistannet.org

له بەر ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدرانی کورد و ڕۆژنامەکانیان، گەل نازانێ ڕێز لە ئاڵای تورکیا بگرێت یان لە ئاڵای کوردستان. خۆزگا بە قەد ئاڵای تورکیا ئاڵای کوردستانیشمان خۆشبوێت. خۆزگا نیوەی ئەو ڕێزەی دەسەڵاتدرانی کورد هەیانە بۆ ئاڵای تورکیا، پێشکەوتووترین ڕێکحراو پارتی تورکیا، بۆ ئاڵای کوردستانیان هەبێت نەک دەسەڵاتدرانی تورک.

بەقسەی هونەرمەندەکەمان بێت کورد زیاتر لە تورکەکان ئاڵای تورکیایان خۆشیاندەوێت و هێشتا کوردستان ئاڵای نیە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت